# دۆزینەوەی ئەمریکا

ئەوە ڕوونە، کە کریستۆفەر کۆلمبس یەکەم ئەوروپی نییە، پێ لەسەر خاکی کیشوەری ئەمریکا دانابێت، بەڵکو پێش ئەو زۆری دیکە گەیشتوونەتە کەنارئاوییەکانی ئەمریکای باکوور لە دۆخێکی تایبەدا، بەڵام تاڕادەیەک زانیاری و هەواڵ لەبارەیانەوە نییە، گەشتەکانیان وەک خەیاڵ ماونەتەوە، لەوەی زیاتر واقعێکی مێژوویی بێت. بەڵگەی زۆر هەیە، کە ئەسکەندنافییەکان لە دەریانەوانییدا گەلێکی دێرین، چەند سەدەیەک پێش کۆلمبس چوونەتە ئەمریکا.

لەوانە دەریانەوانی نەرویجی (نەدۆد- Naddod) لە سەدەی 9 دا، گێژەلوکە و باهۆزی دەریایی گەیاندوویەتییە کەنار ئاوییەکانی دوورگەی (گرینلاند)، هەروەها لە ساڵی 986 و لە کۆتایی سەدەی دەیەم، ئەسکەندنافییەکان گەیشتوونەتە کەنارئاوییەکانی لابرادۆر و ئیسکۆتلاندای نوێ لە کەنارئاوییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەمریکای باکوور.

بەڵام ئەو دۆزینەوانە، کاریگەری گەورەی نەبووە، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە لەوانە؛ دۆزرەوەکان خودی خۆیان، هەستیان بە ڕاستی و دروستی ئەو زەوییە نەکردووە، کە پێی گەیشتوون. هەروەها هەوڵی ئاوەدانکردنەوە، یاخود نیشتەجێکردنیان تێدا نەداوە. بۆیە هەواڵی کەمیان لەبارەوە هەیە، تەنیا لە هەندێک چامە و گۆرانی ئەسکەندەنافی کۆن یاخود هەندێک دەقی کۆنی لاتینی نەبێت، کە مێژووەکەی بۆ سەدەی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانە ئاماژەکان تەمو مژاوین و هاوکار نابێت بۆ گەیشت بە وێنەکە بەشێوەیەکی  راستی و دروستی و زانستی.

هەرچی (گرینلاند)ە، هەندێک رەوەندی ئیسکەندەنافی هەوڵیانداوە لەوێ ژیان بکەن، ئەو خاکە ئاوەدانبکەنەوە، ئەمانە شاریان دروستکردووە تاوەکو ئێستاش پاشماوەکانیان ماون، پاشماوەی کەنیسەیان ماوە، کە مێژووەکەی بۆ سەدەی دوازدە دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەمانە لە بەین چوونە، دوای ئەوەی بەشێکیان کۆچیانکردووە بۆ ئایسلاندا و بەشێکی دیکەشیان تێکەڵ بە دانیشتوانی رەسەنی (ئیسکیمۆ) بوونە. بەو هۆیەوە بەرە بەرە پەیوەندییەکانی نێوان ئیسکەندەنافییەکان و هەریەک لە ئایسلاند و گرینلاند پچڕاوە.

## دانیشتوانە ڕەسەنەکان

بێگومان کیشوەر نوێیەکە، خاڵی نەبووە لە دانیشتوان و شارستانییەت. بەشی زۆری دانیشتوانەکەشی لە ناوچەکانی ناوەڕاستی کیشوەرکە نیشتەجێ بوونە. زۆربەی لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە ئەو دانیشتوانانەی کە کۆلمبس بە هیندی ناوی بردووە، ئەمانە دانیشتوانی جیهانی کۆنن. تاوەکو ئێستا لە ئەمریکا شوێنەواری مرۆڤی کۆن مرۆڤی نیاندەرتاڵ وەک ئەوروپا نەدۆزراوەتەوە. پێدەچێت ئەمانە بە تەنگەبەری یرینگ پەڕی بنەتەوە دوای کۆتایی هاتنی چاخی بەستەڵەکی، پێیانوایە ئەمە سەر بە ڕەگەزی مەنگۆلی بن کە دەگەڕێنەوە بۆ سەر چینییەکان. ئەمانە لە باکووری ئاسیاوە بەرەو باکووری ئەمریکا هاتوون ، دواتر بەرەو باشوور چوونە بەمەبەستی گەڕان بەدوای ژیاندا . بۆیە ئەمانە ماوەیەکی دوورودرێژ بە راوشکارییەوە سەرقاڵ بوونە بەردەوام لە گەڕان بوونە. بە دیاریکراوی نازانرێت هەندێک لەو گەلانە کەی چوونە قۆناخی کشتوکاڵ، بەڵام گواستنەوەیان لە قۆناخی راوشکانییە بۆ کشتوکاڵی پەرەسەندێکی شارستانی گرنگ بووە، چونکە ئەنجامدانی کشتوکاڵ ناچار بە سەقامگیر و جێگیربوونی کردوون. ئەمەش وایکردووە شارستانی لەو کیشوەر پێکبهێنن، تەنانەت هەندێک لەوگەلانەی گەیشتووەتە ناسینی هەندێک کانزا و بەکاریان هێناون، بەڵام نەگەیشتووەتە قۆناغی دۆزینەوەی ئاسن و بەکارهێنانیان.

ئەو شارستانیانە بەشێوەیەکی گۆشەگیر و دوور لە شارستانییەکانی ئاسیا گەشیان کردووە، هاوشێوەیی گرنگ لەنێویاندا نییە، هەروەها ئەو شارستانیانەی ئەمریکا بەشیوەیەکی ریشەیی جیاواز بوونە لە شارستانییەکانی ئەوروپا کە لەو کاتەدا بوونیان هەبوو، واتە لە سەدەکانی پازدە و شازدە.

**سێ شارستانی گرنگ هەن، کە بریتین لە شارستانییەکانی، ئەزتیک، ئەنکا و مایاس**

## شارستانی ئەزتیک:

**لە سەدەی سێزدە ئەمانە دابەزیووینتە دەشتەکانی مەسیک، لەسەر راوشکاری ژیاون، بەردەوام لە شەڕوپێکدادان بوونە لەگەڵ دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکە تاوەکو لە کۆتاییدا شوێن پێی خۆیان جێگیروە، پایتەختە بەناو بانگەیان بنیادناوە، تینۆچتیتلان ( مەکسیکۆی ئێستا) لە ساڵی 1325. گەڕانەوە کۆنەکان باس لەوەدەکەن تاوەکو سەدەی 15، ئەزتیک شوێن پێگەیەکی گەورەیان لە نێو دانیشتوانی ئەمریکا ناوەڕاست بنیادنەنابوو. بەڵام دوای هاوپەیمانیکردن لەگەڵ هەندێک هۆزی دەورووبەر هەنگاو بەهەنگا توانیان کۆنترۆڵی هەموو گەلانی دەورووبەر بکەن و دەوڵەتێکی گەورە بۆخۆیان دروست بکەن، کە بەشێکی گەورەی وڵاتی مەکسیکی ئێستای دەگرتەوە. لەو قۆناغەدا پایتەختەکەیان پەرەی سەند، زۆربەی دانیشتوانەکەی، تەنانەت ئیسپانییەکانیش دووچاری سەرسووڕمان کردبوو لە رووی گەورەیی و رێکخستن و پەرەسەند و زۆری دانیشتوانەکەی. کاتێک ئیسپانییەکان گەیشتنە ئەو وڵاتە هاوکات بوو لەگەڵ بەزترین قۆناغی گەشەندی شارستانی ئەو گەلە.**

## شارستانی مایاس:

**رەچەڵەکی گەلانی مایاس دەگەڕێتەوە بۆن وڵاتی گواتیمالا و باشووری هیندۆراس، هەندێک لە شارەکانیان گەیشتووەتە پلەیەکی بەرزی گەشەسەندن و پێشکەوتن وەک شاری (Palenqu Copan) . لە سەدەی 6 ئەمانە لە شار و دێهاتەکانیان کۆچیان کردووە، تائێستا هۆکارەکەی نازانرێت. رەنگە بەهۆی ترسیان بووبێت لە پەتای تای زەرد، کە ناوچەکەی گرتەوە. یاخود بەهۆی نەمانی سوودی زەوی بۆیان بەو شێوازە کشتوکاڵکردنە سەرەتاییە. بۆیە روویان کردووەتە نیمچە دوورگەی یوکاتان، کردوویانە ناوەندی سیاسی و ئایینی خۆیان. رۆشنبیری و شارستانی خۆیان لە تەواوی نیمچەدوورگەکە بڵاوکردووەتەوە. دواتر بە هۆکاری نادیار وازیان لە شارەکەیان هێناوە لە سەدەی 7 و  دواتر لە سەدەکانی 11 و 12 بۆی گەڕاونەتەوە، شاری ئاوەدان و پێشکەوتوو بوونە لە مەکسیک. پێش ئەوەی ئەمجارە بەتەواوی کۆچ بکەن لە سەدەی 15دا . کە گەیشتوونەتە بەرزترین قۆناخی پەرەسەندنی تەلارسازیی. بەم دواییانە زانا شوێنەوارییەکان لە دارستانەکانی ئەمریکای**

ناوەڕاست پاشماوەی شاری 9 هەزار کەسیان دۆزیەوە، لەگەڵ بوونی شەقامی پان و بەرین، کە لە ئەولاو ئەولای شەقامەکان دار چێنراوە، لەگەڵ گۆڕەپانی پان وبەرین ، کە لە دەوروبەریدا پەرستگا و باڵەخانەی جوانی تێدا دروستکرابوون. هەرمێکی گەورە و پەرەستگای خواوەند (کوکولکان) دەیڕوانییە ئەو شارە.

**شارستانی ئەنکا:**

نزیکەی سەدەی 10ی زانینی ئەو گەلانە لە لیواری دەریاچەی تیتیکاکا کە دەکەوێتە بەرزاییەکانی چیای ئەندێز لە وڵاتی پیرۆ دەستیانپێکردووە، دەستیانگرتووە بەسەر هەژموونی هەموو ئەو گەل و شارستانییانەی پێشووتر هەبوونە. شاری (کوزکو)یان کردووەتە پایتەختی خۆیان.

دواتر هەنگاو بە هەنگاو هەژموونیان کشاوە لە سەرەتای سەدەی 16 تەواوی پیرۆ و بۆلیڤیا و ئیکوادۆر و بەشێک لە چیلی دەگرتەوە. لە سەردەمی ئیمپراتۆر (هویناکایاک) دەسەڵاتی سەربازیان گەیشتووەتە ئەوپەڕی لوتکە و فراوانبوونەوە لە رووی جوگرافییەوە، بەڵام ناوبراو لە ساڵی 1525 کۆچی دواییکرد، پێش ئەوەی هێرشبەرە ئیسپانییەکان بگەنە وڵاتەکەیان بە 15 ساڵ و وڵاتەکەی دواتر دابەش بێت.

**دۆزینەوەی جوگرافییەکان و رێگا ئاوییەکان**

سەرەتای هەوڵەکان بۆ دۆزینەوە لە نیمچە دوورگەی ئیبیری و بەتایبەتی لە پرتوگال بوو، ئەمەش کارێکی ئاسایی و سروشتییە، بەهۆی پێگەی جوگرافی هەریەک لە پرتوگال و ئیسپانیا لەسەر زەریای ئەتڵەسی و سەرپەرشتیکردنی بەسەر گرنگترین رێگاکانی گواستنەوەی دەریایی نێودەوڵەتی . لە کاتێکدا هەردوو گەل خواستی ئەوەیان هەبوو دەست بە ئاسۆی نوێ و دۆزینەوەی وڵاتانی نادیار بکەن. دەکرێت ئەوەشی بۆ زیاد بکەین، کە هەردوو گەل خوازیاری کارکردنن بوون بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی لە شوێنی وجێگەی نوێدا، بەهۆی پەیوەست بوونیان بە ئایینی مەسیحییەوە.

**هێنری کوڕی پاشا جۆنی یەکەمی پاشای پرتوگال کە بە هێنری دەریاوان ناسراوە، دیارترین ئەو کەسانەیە گرنگی بە دۆزینەوە جوگرافییەکانداوە، لە ساڵی 1418 یەکەم هەڵمەتی ناردووە، ماوەیەکی زۆریان بڕی بە درێژایی کەنارئاوییەکانی ئەفریقا، دواتر هەڵمەتی دیکە بۆ هەمان ئاراستە بەدواداهات، واتا لە باکوور بۆ باشووری کەنارئاوییەکانی ئەفریقای رۆژئاوا تاوەکو دەگاتە پرتوگال رووەوە رووباری سەنیگال. بەهۆی ئەو هەڵمەتانەوە پرتووگالییەکان ژمارەیەک زۆر لە زنجییەکانیان گواستەوە وڵاتەکەیان، تەنانەت لیشبۆنە بووە گرنگترین بازاڕی کۆیلە لە ئەوروپا. لە ساڵی 1445 پرتوگالییەکان سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەستهێنا بە تێپەڕین بە سەری سەوز. دواتر مردنی هێنری دەریاوانیش لە ساڵی 1460 ،هەوڵەکانی پرتوگالییەکان نەوەستاوە . بەڵکو برازاکەی حەننای دووەم پاشای پرتوگال درێژەی پێدا. لە ساڵی 1482 دەریاوانە پرتوگالییەکان توانیان هێڵی کەمەریی تێپەڕێنن و بگەنە رووباری کۆنجۆ. دوای پێنج ساڵی دیکە دیاز هەولێدا درێژە بدات بەو هەوڵانە لە کەنار ئاوییەکانی رۆژهەڵاتی ئەفریقیا.**

**ڤاسکۆ دی گاما بە فەرمی عەمانوئێلی یەکەم لە دوای پاشا جۆنی دووەم هات لە ساڵی 1495 ، هەڵمەتێکی لە ساڵی 1497 دەسپێکردو لە سەری لوتکەی ئاواتی چاکە پەڕیوە. گەیشتە کەنارئاوییەکانی ئەفریقای رۆژهەڵات، کە تاوەکو ئەو کاتە وەستابوو لەسەر بازرگانی و دەریاوانەکانی عەرەب. دواتر لە ساڵی 1498 بەرە کەنارئاوییەکانی هیند بەڕێکەوتن، دوای گەشتێکی دوورودرێژ لە ئابی ساڵی 1499دا دی گاما گەیشتەوە لیشبۆنە و رایگەیاند، رێگایەکی نوێی گەیشتنی ئەوروپای بە هیند لە رێگەی دەریاوە دۆزیتەوە، کە ئەمە خەونی گەورەی ئەوروپییەکان بووە. لەو رۆژەوە پرتوگالییەکان کاریان کرد بۆ دامەزراندنی ئیمراتۆریەتی پرتوگالی لە رۆژهەڵاتدا.**

## دۆزینەوەی ئەمریکا

ئیسپانییەکان هیوا و خواستیان لە پرتوگالییەکان کەمتر نەبووە لە دۆزینەوە ناوچە و وڵاتی نوێ و ڕێگەی نوێی بازرگانی لەگەڵ ڕۆهەڵات بۆ ڕزگاربوونیان لە کۆنتۆرڵی بازرگانی جەنەوا و بوندقییە و مەمالیکی میسر لە لایەک و دەوڵەتی عوسمانی بە کەشتی گەلە بەهێزەکانی لە دەریای ناوەڕاست لەلایەکی دیکەوە لە هێڵی بازرگانی لەگەڵ ڕۆژهەڵات و بەتایبەت لەگەڵ هیند. بەڵام ئیسپانییەکان بە درێژایی سەدەی 15 سەرقاڵ بوون بە جەنگی دژی موسڵمان و لەنێوبردنی دوایین پێگەی موسڵمان لە نیمچە دوورگەی ئیسپانی " دەوڵەوتی غرناتە" . لە ساڵی 1492 کۆتایی بە عەرەشی قشتالە هات. دوای ئەو ڕێککەوتە، فێردیناند و ئەلیزابێت گرنگیان بە کاروباری فراوانخوازی و ئیستیعماری کرد.

## کریستۆفەر کۆلمبس(Christopher Columbus)

کریستۆفەر کۆلمبس، دەریاوانێکی بەناو بانگی خەڵکی (جەنەوا) یە، لە ساڵی 1480وە بڕوای بەوە هەبوو، کە دەتوانن بگەنە هیند بە ڕێگای دەریاوە لە ڕۆژئاوا، ئەمەش لە ژێر کاریگەری بیروڕای ئەو ڕۆژگارە بەوەی زەوی تۆپێکی خڕە. ئەو پرۆژەی خستە بەردەم پاشای پرتوگال، بەڵام ڕەتکرایەوە. دواتر گەشتی ئیسپانیای کرد، هەمان پرۆژەی خستە بەردەم فێردیناند و ئیزابێلس لە ساڵی 1486، بەڵام بەهۆی سەرقاڵبوونیانەوە بە جەنگی موسڵمان، پرۆژەکەیان ڕەتکردەوە. هەروەها برای کۆلمبس ئەو پرۆژەی خستەبەردەم هێنری حەوتەم پاشای ئینگلیترا ئەویش بەهەمان شێوە ڕەتیکردەوە، بەهۆی زۆری خەرجییەکە. بەڵام کۆلمبس بێئومێد نەبوو جارێکی دیکە پرۆژەکەی خستەوە بەردەم کۆشکی پاشایەتی ئیسپانیا، ئەویش دوای کۆتایی هاتنی ململانێیان لەگەڵ موسڵمان لە 30ی نیسانی 1942 ڕەزامەندی لەسەر پرۆژەکەی کۆلمبس دەربڕی و پوختەی مەرجەکەشی بریتی بوو لەوەی "ئەگەر پرۆژەکە سەرکەوتوویێت، ئەوا کۆلمبس وەک جێگری پاشای ناوچە دۆزراوەکان دیاری دەکرێت، 10٪ی قازانجی بازرگانی لەگەڵ ئەو ناوچانەی پێدەدرێت".

له 3ی ئابی 1492 گەشتەی کۆلمبس دەستپێکرد کە پێکهاتبوو لە سێ کەشتی بە سەرۆکایەتی کۆلمبس بەرەو دوورگەی کەناریی بەڕێکەوت. هەندێک لەوێ وەستا، دواتر لە 12ی تشرینی یەکەمی 1942 گەیشتە دوورگەیەکی باهاما. کولمبس دابەزی و ئاڵای ئیسپانیای تێدا هەڵکرد، بەناوی تاجی ئیسپانی دەستی بەسەر ئەو خاکە داگرت. بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانی و بێئومێدی بوو، هەژارییەکی توند باڵی بەسەر دانیشتوانی ناوچەکە داکێشابوو، لەگەڵ سروشتی خاکەکەی دەوڵەمەند بوو بە دار و میوە. لە 28ی تشرینی یەکەم گەیشتە دوورگەی کوبا، کەتێیدا کەشتییە گەورەی بەناوی (سانتا ماریا) لە دەریا نقوم بوو. داگیرگەی (ئیسپانیولا)ی لەسەر خاکی کۆماری هایتی ئێستا دروستکرد، لەگەل دروستکردنی یەکەم دامەزراوەی ئەوروپی لە جیهانی نوێیدا. لە 15ی ئاداری 1493 کولمبس گەڕاوەیە کەنارئاوییەکانی ئیسپانیا بۆ ئەوەی لە کۆشکی پاشایەکەی و گەورە بەرپرسان دۆزینەوەی نوێ رابگەیێنێت.

کۆلمبس گەشتی دووەمی لە ئەیلولی 1493 دەستپێکرد، کە ئەمجارە بە خۆ ئامادەکردنێکی باشتر بوو، 17 کەشتی و 1500 پیاوی لەگەڵ بوو. کە رووی کردە دوورگەی ئەنتیل دواتر بەرەوی هایتی. داگیرگەی نوێ دامەزراند. دوو گەشتی دیکەی کرد لە 1498 بۆ 1500 و هەروەها 1502 بۆ 1504 کە تێیدا گەیشتە دوورگەی ترینیداد و هیندۆراس .

بەڵام دواتر گرژی ئاڵۆزی دەکەوێتە نێو کولمبس و نەیارەکانی لەو داگیرگایەنە، نێردەی شای ئیسپانیا بەبێ لێکۆڵینەوەی دەستگیری دەکات بە کەلەپچەیی دەگەڕێنرتەوە ئیسپیانیا. لەگەڵ ئەوەی دواتر شای ئیسپانیا ئازادی دەکات، بەڵام هیچ ئیمتیازاتێکی بۆ ناگەڕێنتەوە و بۆ پێگەی جارانیشی ناگەڕێنێتەوە. بۆیە کۆتایی ژیانی بە هەژاریی و دوورەپەرێزی بەسەر برد، لەگەڵ ئەوەی بەردەوام داوا ئەو مافانەی دەکرد، کە بەپێی رێککەوتنی 1492 پێیدرابوون.

**ئەمریکۆ ڤێسپوچی(Amerigo Vespucci ) :**

ئەو کارانەی کۆلمبس بەبێ بەدواداچوون و کارکردن لەسەر نەمایەوە، بەڵکو دواتر کۆمەڵێک گەشت و دۆزینەوەی جوگرافی ئەنجامدران، دیارترین لەو کەسانە ئەمریکۆ ڤێسپوچی کە دیارترین کەسایەتی ئیتاڵی و لە خێزانێکی دێرینی فلۆرەنسە.

کۆلمبس تاوەکو مرد، بڕوای وابوو ئەو خاکەی دۆزیوەتەوە بەشێکە لە ئاسیا، ، بەڵام بەشێک لە هاوسەردەمەکانی گومانیان لەو قسانە هەبوو، کە ئەمریکۆ ڤێسپوچی یەکێک بوو لەمانە . چەندین گەشتی بۆ بەرژوەندی ئیسپانیا و پرتوگال بۆ ئەو خاکە نوێیە ئەنجامدابوو، چووە کەنارئاوییەکانی باشووری ئەمریکا لە ساڵانی 1501 و 1502 بەرەو رووباری لابلاتا لە ئەرجەنتین. ناوبراو گەیشتە ئەو بۆچوونەی کە ئەوان لەبەردەم کیشوەرێکی نوێی گرێ نەدراون بە جیهانی کۆن. جیاوازە لە هیندستان بۆیە ئەمە وایکرد. زانای ئەڵمانی مارتن وەلدسی مولەر (1470 -1520) چەندین نامەی ئەمریکۆ ڤێسپیوچی بڵاوکردەوە، کە تیوەرەکەی ئەمەیان دەسەلماند، بۆیە لەسەر پێشنیازی ئەو زانایە ناوی ئەو کیشوەر نوێیە بەناوی ئەمریکۆ نرا. دوای ساڵێک لە مردنەکەی لە ساڵی 1513 گەریدەی ئیسپانی (Balboa) بەڵگەی نوێی دەستکەوت، کە راستی تیۆری ئەمریکۆ ڤێسپوچی، سەلمێنراوە. خاکی نوێ پێش و دواوەی دەریایە ئەمەش راستی تیۆری ئەوەی پێشەخۆی دەسەلماند.

دواتر گەشتەکەی ماجەلان-ی بەدواداهات، کە رێڕەوێکی بەرەی کیشوەر دۆزیەوە بەشی باشووری ئەتڵەسی دەگێنێتە زەریای ئارام، دواتر گشتێکی بە دوورودرێژ گەیشتە دوورگەی فلیپین. دوا رووبەڕووبوونەوە و شەڕو پێکدادان لەگەڵ دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکە بەهۆی بەرکەوتنی تیرێکی ژەهراویی لە یەکێک لە شەڕەکان گیانی لەدەستدا. لە 6ی ئەیلولی 1522 ئەو تیمەی لەگەڵی بوون و مابوونەوە گەڕانەوەی ئیسپانیا و پێشوازییەکی گەرم لە پیاوەکانی ماجەلان کرا، بەهۆی ئەوەی خەڵک هیوای بەگەڕانەوەیان نەبووە. ئەو گەشتە بۆ یەکەمنجار بە کردەوە بۆ خەڵکی سەلماند کە زەوی خڕە. دواتر ئەمە دەرگای زیاتر لە بەردەم هەوڵەکانی ناسین و دۆزینەوەی خاکی نوێ کردەوە وەک هەوڵێک بۆ ئیستیعمار و سوود وەرگرتن خێر وبێرەکەی.

### جۆن کابت (John Cabot):

**بێگومان وڵاتانی دیکەی ئەوروپی بەرامبەر دۆزینەوەکانی ئیسپانیا دەستوەستاو نەبوون، بۆیە وڵاتانی دەریایی لە ئەوروپا دەستیان بە هەوڵەکانیان کــرد. جــۆن کابــت ، کە دەریــاوانێکی خەڵکی جەنەوا بوو، یەکێک بوو لە بازرگانەکــان و لە 1490وە لە ئینگلتــرا نیشــتەجێ بــوو. دوای دۆزینەوەکــانی کــۆلمبس، پرۆژەیەکــی خســتەبەردەم هێنــری حەوتەم، بەمەبەســتی تەرخانکردنی پارە بــۆ ئەو گەشــتەیان بەرەو رۆژئــاوا. ئەو بیــرۆکەیە جــۆش و خرۆشــێکی گەورەی لە بەریتانیا هەبوو. بــۆیە بیــرۆکەکە لە هــزی خەڵــک نــامۆ نەبــوو. لە بەریتانیــاش بۆچوونێکی کۆن هەبوو، بەوەی زەوییەک لەودیوی زەریا هەیە. لەگەڵ ئەوەش پاشــا خــودی خۆی، ئەسەف و پەشیمانی دەچەشت، بەوەی کاتی خۆی پارەی بــۆ گەشــتەکەی کــولمبس تەرخان نەکرد، کاتێک برتولومی برای کولومبس ئەو پرۆژەی خســتەبەردەمی، پــێش ئەوەی بیخاتە بەردەم ئیسپانییەکان.**

**جۆن کابت لە یەکەم گەشتیدا گەیشتە ( نیوفوندلاند) و ( لابرادۆر) لەســەر کەنارئاوییەکــانی رۆژهەڵاتی باکووری کیشوەرەکە. لە گەشتێکی دیکەدا گەیشــتە دوورگەی گرینلانــد. لەگەڵ ئەوەی کابت دەستکەوتی دارایی خێرا بەدەست نەهێنا . بەڵام ئەو گەشــتانەی گرنگییەکــی گەورەیان بۆ بەریتانیــا هەبــوو، کە تێیــدا پاســاو و پاڵپشــتییەکی یاســایی بەدەســتهێنا بــۆ بانگەشەکردنی خاوەنــداریەتی رووبەرێکــی فراوانــی ئەو خــاکە نــوێیە. دواتــر شــەوپۆلێکی گەورەی کۆچ و نیشتەجێبوونی مرۆیی لە بەریتانیاوە بۆ جیهانی نوێ دەستپێکرد. لە ســاڵی 1607 ئینگلیــز یەکەم نشــینگەیان لە شــاری جیمســتۆن لە ویلایەتــی ڤێرجینیــای ئێســتا دامەزراند.**

**دواتر تای دۆزینەوەکان، فەرەنسییەکانیشی گرتەوە ، هەوڵەکانیان لە سەرەتای ســەدەی 16 دەستپێکرد لە ناوچەی سان لۆران لە بــاکووری کیشــوەرەکە. لە ســاڵی 1536 ، (کــارتییە) توانی بچێتە ناوچەی سان لۆران و گەیشتە شاری مۆنتریالی ئێستا. ناوی لەو وڵاتەنا کەنەدا، یەکەم ناوەندی بازرگانی فەرەنسی لە ساڵی 1540 دامەزرانــد. یەکەم هەوڵــی نــوێش بــۆ جێگیربوون لە کەنەدا و بە داگیرگەکردنی لە ساڵی 1608 بوو، کاتێکــدا شــاری کوبیــک-ی دامەزراند.**

**دواتر هۆڵندییەکان شاری ئەمستردام-ی نوێیان دامەزراند لە دوورگەیەکی بچووک کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێت مانهاتن لە شاری نیویۆرک-ی ئێستا کە لە هینــدییەکانیان کــڕی و کردیــانە**

سـەنتەرێکی بازرگـانی. بەڵام دواتـر ئینگلیزییەکـان لە سـاڵی 1664 خسـتیانە سـەر داگیرگەکانی خۆیان.

لە ساڵی 1632 سوێدییەکان کۆمپانیای دوورگەی هیندی ڕۆژئاوا-یان دامەزرانـد. ئەمـانە لە ساڵی 1638 پارچە زەوییەکی فراوانیان لە هیندییەکان کڕی و داگیرگەی خۆیان دامەزرانـد. قەڵایەکیـان بە نـاوی کریسـتینا دروسـتکرد، کە بەنـاوی کچـی پاشـاکەیان بـوو. بەڵام هۆڵەندییەکان دژی دابەزینی سوێدییەکان بوون لەو شوێنەدا و خۆیان بە خـاوەنی دەزانـی. ئەو ململانێیە تاوەکو 1665 بەردەوام تـا ئەوکـاتەی هۆڵەنـدییەکان قەڵاکەیـان داگیرکـرد وهەوڵی سوێدیان بۆ نیشتەجێبوون لە جیهانی نوێ دا لەنێو برد.

## کۆچ بۆ ئەمریکا

سەرەتای دەستپێکردنی کۆچی ئەوروپییەکان بۆ ئەمریکای باکوور، بەشێوەیەکی بەرفراوان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کریستۆفەر کۆلمبس لە ساڵی(١٤٩٢)ــدا توانی هەندێک دورگە لە دەریای کاریبی دا بدۆزێتەوە، هەرچەندە(ڤایکینگەکان)ــی دانیشتوانی ئەسکەندەنافیا بە(٥٠٠)ساڵ پێش کۆلۆمبس کۆچیان بۆ ئەم جیهانە نوێیە کردووە.

جگە لە هیندییەکان، سەراپای گەلی ئەمریکا لە ڕێگای کۆچەوە چوونەتە ئەو کیشوەرە، یاخود ئەوەی کۆچبەرە کۆنەکانن، تا هەڵگیرسانی جەنگی ناوخۆی ئەمریکا نزیکەی (٥) ملیۆن کۆچبەر نیشتەجێبوون لە (١٩٢٠)ــدا نزیکەی (٢٠)ملیۆن کۆچبەری دی لە ئەمریکا نیشتەجێ بوون. لە سەرەتادا ئەم کۆچکردنە لەسەر شێوازێکی کۆمەڵ کۆمەڵ و بچووک بوو، کە لە جێگەیەکدا دادەبەزین و دەستیاندەکرد بە دروستکردنی شارۆچکەیەکی بچووک و دواتر قەڵا و کلێسەو بینایەیان دروستکرد و سەرقاڵی کشتوکاڵ کردن دەبوون، بەشێوەیەکی گشتی گرینگیان دەدا بە چاندنی (توتن)، کە نرخی لە بازاڕەکانی (لەندەن)ــدا زۆر بەرز بوو، بەم هۆیەشەوە قازانجی زۆریان دەستدەکەوت بۆ نموونە دانیشتووانی (ڤێرجینیا)لە دەوروبەری ساڵی (١٦١٩)ــدا لە (٢٠٠٠) کەس تێپەڕیان نەدەکرد، بەڵام هەر لەو ساڵەدا چەند کاروانێک گەیشتنە ویلایەتەکە یەکێکیان نزیکەی (٩٠)کچی لەگەڵ رسمی (زەواج) لەخۆ دەگرت و هەر کەسەش خوازبێنی یەکێکیانی بکردایە دەبوو (١٢٠) بوند(توتن) بدات، بەرامبەر کرێی گواستنەوەی لە ئینگلتەراوە بۆ ئەمریکا. هەروەها لە (هۆڵەندا)ــشەوە کاروانێک کۆیلەی(زنج)گەیشتنە ویلایەتەکە و لەلایەن خەڵکەوە کڕدران.

**لەنێو مێژوونوساندا بۆچونێک هەیە و پێیانوایە** کە سەراپای دانیشتوانی ئەمریکا بەر لە شۆڕشی ئەمریکی خەڵکی بەریتانیا بوون، بەڵام پێدەچێت ئەو بۆچوونە بەو ڕەهاییە نەبێت، بەڵام گومان لەوە دانییە، کە کۆچبەرە ئینگلیزییەکان ڕێژەیەکی زۆر، بگرە زۆری کۆچبەرەکانیان پێکدەهێنا و (داگیرکەر) ئینگلیزیەکان زوو زوو گەشتیان دەکرد. لە ئایاری ساڵی (١٦٢٩)دا بەندەری (لەندەن) پڕبوو لە خەڵک و نزیکەی (٤٠٠) کەسی بەریتانی لەگەڵ(٢٠٠) سەر مەڕ بەرەو ئەمریکا کەوتنەڕێ و لە ناوچەی (سایلم)گیرسانەوە. لە ساڵی

دواتر واتە(١٦٣٠) نزیکەی (٩٠٠) کەسی تر لەو ناوچەیە گیرسانەوە و نزیکەی(٩ ) شاریان بنیاتنا لەوانەش شاری (بوسطن)، جگە لەمەش بەریتانیا (داگیرگە)ـی (نیویۆرک)ـی والاکرد، هەرچەند هۆڵەنـدا چەند هەوڵی خستەگەڕ کە لە دەوروبەری (نیویۆڕک)ناوچەیەک بۆخۆی دابڕێت، بەڵام بەریتانیا بە زەبری هێز دەری کرد و ئالای ئینگلیزی لە سەرانسەری ناوچەکە هەڵکرد و دواتر بوو بە گەورەترین شاری ئەمریکا و جیهان و دواتر ئینگلیزەکان پەلیان هاویشت بۆ (فلۆریـدا).

ئینگلیزەکان و کۆلۆنیالیستەکان سەرەتا پێیان خۆش نەبوو بیانییەکان ڕووبکەنە (داگیرگەکان) تەنانەت با سکۆتلەندی یاخود ئێرلەندیش بن، بەڵام وردە وردە ئەم بەندوباوە هەڵوەشایەوە سکۆتلەندیی و ئێرلەندییەکانیش بە قەبارە و ژمارەیەکی نزیک لە ئینگلیزەکان ڕوویانکردە ئەمریکا و لە (داگیرگە)ـکاندا نیشتەجێ بوون و دزەیانکردە سنورە خۆرئاواییەکان و لەوێ نرخی زەوی زۆر هەرزان بوو، توانیان کۆمەڵگەیەکی بەهێزی دیموکراسی بنیات بنێن. جگە لەمانەش پڕۆتستانتە فەرەنسییەکان لە نێوان (١٦٦٠-١٦٩٠) دا ڕویانکردە (داگیرگەکان) کە ئەوانە بە (هیوگونت) ناسرابوو، خەڵک بە چاوی ڕێزەوە سەیری دەکردن، چونکە پێیانوابوو کشتوکاڵ و بەروبوومی چاک دەهێننە وڵاتەوە. هەروەها بەهۆی جەنگ و هێرشی لویسی (١٤)ـی فەرەنسا و شکستی ئەڵمانیاوە بەشێکی زۆری ئەڵمانیەکانیش ڕوویانکردە ئەمریکا بەهۆی ئەوەی خۆیان بە سەرشۆڕ دەزانی، ئەمانە لە گەشتیار و پیشەوەر پێکدەهاتن و لە پنسلڤانیا و ماریلند و ڤێرجینیا نیشتەجێبوون. جگە لەمە، دوو گەلی تریش لە ئەمریکادا دەژیان، کە هیندییەکان و زنجییەکان بوون.

یەکەمیان:خاوەن ڕەسەنی وڵاتەکە بوون.

دووەمیان: کۆیلەبوون و لە ئەفریقیاوە هێنرابوون.

هۆکاری ئابووری ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە زۆربوونی ئەم (زنج)یانەدا، یەکەمجار کە کۆچبەرەکان ڕوویانکردە ئەمریکا خۆیان لە چەند کەنارێکی چڕ و ئالسکا و بە دارستاندا دەبینییەوە لە هیندییەکانەوە فێری هۆکارەکانی کشتوکاڵ کردن و دروستکردنی (کۆخ) و بەلەمی بچووک و پێستەخۆشکردن و دارتاشی دەبوون و لەوانەوە شێوازی خۆ گەنجاندن لەگەل ئەم ژینگەیەدا فێردەبوون، کۆچبەر لەیەک کاتدا پێویست بوو ڕاوچی و چەکدار و جوتیار بێت و لە هەموو کاروبارێکدا پشت بەخۆی ببەستێت.

ئەوانەی ڕوویاندەکردە ئەمریکا لە چەند چین و توێژێک پێکهاتبوون، لەوانەش ئایندارە چەوساوەکان، سامان ویست و کەسە ئاواتخوازەکان، هەژار و کەمدەرامەتانی وڵاتانی ئەوروپا لەگەڵ بەرهەڵسکارانی سیاسەتی  بەریتانیا جگە لە کۆیلە(زنج)ـیەکان کە بەزۆر دەهێنران و خەڵکانێکیش کە ڕیسواو ئابڕوو تکاو بوون، یاخود تاوانبار و قەرزاربوون لە وڵاتی خۆیان هەڵدەهاتن و ڕوویاندەکردە ئەمریکا.

هۆکاری کۆچکردنی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکیش بۆ ئەم کیشوەرە بۆ چەند فاکتەرێک دەگەڕێتەوە.

## هۆکارەکانی کۆچ بۆ ئەمریکا

### یەکەم:هۆکاری سیاسی

لە ئەنجامی ئەوەی(جیمسی)ـی یەکەم سیاسەتێکی بێزارکەری دەگرتەبەر کۆڕێک لە پوریتانەکان لە وڵات هەڵاتن و ڕوویانکردە ئەمریکا و بە هیوای وڵاتێکی ئازادەوە کۆچیانکرد و بەریانیان بەجێهێشت بەهۆی ناکۆکی ڕێچکە و ڕێبازی پڕۆستانت و کاسۆلیک، ژمارەیەکی زۆر لەم گروپە کۆچیان کرد بۆ ئەمریکا تا لەوێ ئازادی ڕادەربڕین بۆخۆیان مسۆگەر بکەن و ژیانێکی دوور لە چەوساندنەوە بەدەستبهێنن، جگە لەوە یاسای (چارلی یەکەمدا) هاتبوو ڕێ لە کۆچکردنی کەس نەگرێت، ئەمەش هاندانی خەڵک دەگەیەنێت بۆ کۆچکردن، لە فەرەنسادا هیگۆنتە پڕۆستانـتەکان کەمێک ئازادی ئاینیان لەلایان پاشای فەرەنساوە پێدرابوو، دەیانتوانی باس لە ئاینزاکەیان بکەن. بەڵام پاش ئەوەی پاشای فەرەنسا لەساڵی(١٦٨٥) ئەو ڕێژە ئازادییە بە ئاینیەی سەندەوە لێیان، کەوتنە چەوساندنەوەی کاسۆلیکەکان و ناچارکران کۆچ بکەن بۆ جیهانی نوێ، چونکە کۆچکردنیان بە دوا چارەسەر دەزانی.

لە ئەنجامی فراوانخوازییەکانی لویسی چواردەهەم و شکستی ئەڵمانەکان، خەڵکانێکی زۆر لە ئەڵمانیەکان ڕوویانکردە ئەمریکا، چونکە خۆیان بەسەرشۆڕ دەزانی و نەیاندەتوانی لە وڵاتەکەی خۆیاندا بمێننەوە، هەروەها خەڵکانێکی تر لە ئەوروپا بەهیوای ژیانێکی ئاسوودە و ئارام ڕوویانکردە ئەمریکا لە بارودۆخی سیاسی نالەباری وڵاتەکەی خۆیان ڕزگاریان بێت، کە لە پاشماوەی ململانێی پاشا و کڵێسە و پەرلەمانی سەدەکانی ناوەڕاست مابووەوە.

**دووەم:هۆکاری ئاینی**

ئەم فاکتەرەش گرنگییەکی زۆری هەبوو، چونکە لەسەدەکانی ناوەڕاست لە زۆربەی ناوچەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا، خەڵک دوای کەنیسە و ڕێبازەکەی کەوتبوون، ئەویش ڕێباز و کەنیسەی کاسۆلیکی بوو، لادان لەو ڕێبازەش بە تاوانێکی گەورە دادەنرا، پاش هەڵگیرسانی شۆڕش لە سەرەتاکانی سەدەی شازدەهەم دژی پاپا و کەنیسەی کاسۆلیکی بەناوی (شۆڕشی چاکسازی پرۆستانتی) لە زۆر لە وڵاتانی ئەوروپا وەک (ئەڵمانیا و ئیتالیا و ئیسپانیا) زۆرینەی خەڵکی ئەم وڵاتە لەسەر مەزهەبی کاسۆلیکی مانەوە، بەڵام لە فەرەنسا شۆڕشەکە بەهێزتر بوو، دوای ئەوەی پاشای فەرەنسا لە ساڵی (١٥٩٨)دا بە ئاگربەستێك شەڕەکەی کۆتایی پێهێنا و ئازادییەکی کەمی سنوردارکراوی بۆ هیگۆنتەکان و شوێنکەوتووەکانی(جۆن کالڤن)لە پرۆستانتیەکان پێدان، بەڵام زۆری پێنەچوو ئەو ئازادییە سنوردارەشیان لێسەنرایەوە، بەمەش شوێنکەوتوانی کالڤن نەخشەیان کێشا بۆ کۆچکردن بۆ ئەمریکا، چونکە لەشوێنی خۆیان بڕوایان بە ڕوحی پاشا نەبوو، هەروەها پاشا و سەرانی سەر بە کاسۆلیکیش دژی ئەوان دەوەستانەوە، بۆیە دەیانویست لە ڕێگەی ئەم کۆچەیانەوە لە ئەمریکا کەنیسەیەکی سەربەخۆ بۆخۆیان دروست بکەن، بەڵام لە ئینگلتەڕا جیاوازی بیر و بۆچوونی ئاینی ڕوویەکی تری وەرگرت بەتەواوی کۆتایی بە دەسەڵاتی پاپا هێنرا. هەروەها لە دەستوری ئینگلتەرادا هاتووە کەنیسەی دەوڵەتی کەنیسەی ئینگلیزییە، ئەمەیان بڵاوکردەوە و وتیان هەر کەسێک شوێن ئەم کەنیسەیە نەکەوێت توشی لێکۆڵینەوە و سزا دەبێت، ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵەیەک بەناوی پۆریتانییەکان، ناڕەزاییان لەو بڕیارە دەربڕی و وتیان مافی هەموو کەس و کۆمەڵێکە کەنیسەی تایبەتی هەبێت یان شوێن هیچ کەنیسەیەک نەکەوێت.

زۆرێک لە ئینگلیزییەکان بە هیوای بڵاوکردنەوەی مەسیحیەت بەرەو ئەمریکا کەوتنەڕێ و نیازمەندبوون هیندییەکانی ئەمریکا بهێننە سەر ئاینی مەسیحی، جگە لەوە ناکۆکی نێوان ئاینزاکانیش ڕۆڵی تایبەتی هەبوو، هەریەک دەیویست ئاینزاکەی خۆی پێش ئەوەی تر لەو ناوچەیە بڵاوبکاتەوە، کۆمەڵێک بانگخوازیان دەنارد بۆ ئەوەی بتپەرستەکانی ئەم جیهانە نوێیە بهێننە سەر ئاینزای خۆیان، هەروەها کەمایەتی وەک هیگۆنتەکان و پۆریتانیەکان بە دۆزینەوەی وڵات و ناوچەیەکی ئازاد کۆچیان بۆ ئەمریکا کرد بەهۆی نائازادییان لە وڵاتی

خۆیان، هەروەها ئینگلتەڕاش دەیویست ڕزگاری بێت لە پۆریتانیەکان بە هیچ شێوەیەک ڕێگری نەدەکرد بۆ کۆچکردن.

**سێیەم:هۆکاری ئابووری**

ئەو هۆکارەش کە لەگەڵێک بواری جۆراو جۆردا خۆی دەبینێتەوە لەوانەش زۆربوونی ڕێژەی بێکاری لە ئینگلتەڕا و تێکچوونی سیستەمی ئابوری و کشوکاڵی و دەست بەسەرداگرتنی دێر و زەوییەکانی کڵێسە، لەنێوان ساڵانی(١٦٢٠-١٦٣٥) گوشارێکی ئابووری توند بەسەر ئینگلتەرا دا هاتبوو، ژمارەیەکی زۆری خەڵک تووشی بێکاری ببون، تەنانەت کەسانی لێهاتوو شارەزاش بەخراپی دەیانتوانی ژەمی ڕۆژانەیان بە دەسبهێنن، کەمی بەرهەمیش ئەوەندەی تر بارودۆخەکەی گرانتر کردبوو، تەنانەت لە سەردەمی شاژن ئیلیزابێس ئینگلتەرا جمەی دەهات لە ژن و پیاوی بێکار، شەقامەکانیان دەکێڵا بۆ گەڕان بەدوای کارێکدا یان بۆ دۆزینەوەی خۆراک ئەمانەش وایانکرد خەڵکی بیر لە ڕێگەچارەیەك بکەنەوە تا چیتر ژیانیان بەو شێوەیە بە فیڕۆ نەڕوات، بۆیە کۆچکردنیان بۆ ناوچەکانی ئەمریکا بە چارەسەر دەزانی بۆ ڕزگاربوون لە بارودۆخی خراپی ئابووری وڵاتەکەیان، جگە لەمانەش شۆڕشی پیشەسازی، پیشەسازی نوێ، چینی هێنابووەکایەوە، بۆ بەردەوام بوونی خۆشی پێویستییەکی زۆری بە کەرستەی خاو لە خوری و پەمۆ هەبوو تا بتوانێت درێژە بە خۆی بدات، خاوەن کێڵگەکانیش کێلگەکانی خۆیان جێهێشتبوو، گوندەکانیشیان ناچارکردبوو مەڕ بەخێوبکەن، بەمەش زۆربەی جوتیارەکان ڕوویانکردە شارەکان بۆ دەستکەوتنی کار و شارەکانیش جمەیان دەهات لە دانیشتوان، هەموو ئەمانە وایانکرد خەڵکانێکی زۆر بۆ چاکردنی باری ئابووریان کۆچیان دەکرد تا بتوانن ئابوورییە پاشەکەوتووەکەیان بگەڕێننەوە بارودۆخی جاران، هەروەها زۆرێک لەوانەی خاوەن هیچ نەبوون، بەپێی ئەو هەواڵانەی پێیانگەیشتبوو لە نیشنگەکان و ناوچەکانی ئەمریکا، زەوییەکی زۆریان پێدەدرێت بەمەرجێک بۆ ماوەی پێنج ساڵ کار بۆ گەورەکەیان بکەن کۆچیان بۆ ئەمریکا کرد.

هەروەها بەمەبەستی بازرگانی، کۆیلە ڕەشپێستەکانیان دەبرد بۆ ئەمریکا، لەوێ بۆ خزمەتکردن و ئیشکردن سودیان لێ دەبینن، بەم هۆیەشەوە ئەوروپاییەکان ڕویاندەکردە ڕەشپێستەکانی ئەفریقیا و ژمارەیەکی زۆریان لێ ڕاوەدەکردن و دەیانگرتن و بەکەشتی باریان دەکردن و ڕەوانەی ناوچەکانی ئەمریکایان دەکردن، بەمەش ئەم ڕەشپێستانە

**ئەوەندە ڕقیان جوڵابوو حەزیان دەکرد بشکێن نەک بچەمێنەوە لە بەرامبەر ئارەزووی پیاوە سپییەکان.**

**چوارەم: ململانێی زلهێزەکان**

**بەر لە نیوەی سەدەی شانزەهەم کۆلۆنیالیزم لە ژێر چنگی ئیسپانیا پورتگالدا بووە و تا توانیویانە ناوچەیان بۆخۆیان داگیرکردووە، بەڵام دواتر ئینگلتەڕا وەک هێزێکی کێبڕکێ دەرکەوت و بەزۆر خەڵکی ڕەوانەی ناوچە تازە دۆزراوەکان دەکرد و هەرگیز ڕێگەر لە کۆچکردوان نەدەگرت بۆ کۆچکردنیان بۆ ئەمریکا، بەڵکو چەندین کۆمپانیا لە ئینگلتەڕا دروستبوون بۆ ڕەوانەکردنی خەلک بۆ ناوچەکانی ئەمریکا، بەڵام بەرامبەر کارێک، هەروەها وڵاتانی دیکەش کەوتنە خۆیان وەک هۆڵنـدا و فەرەنسا و سوید و ............هتد تا ئەمانەش شوێنی خۆیان لەم ململانییە بکەنەوە**

**پێنجەم:هۆکاری کەسی**

**بیرۆکەی ژیانی باشتر بەسەربردن لە ئەمریکا تەنها لای ئاینزاکان نەبوو، بەڵکو هەندێک لەوانەی کە ڕوویاندەکردە ئەمریکا ئاواتەخوازی ناوبانگ و پلەو پایەی بڵند بوون و هەندێکێش ڕابردوویان پاک نەبوو دەیانویست کۆچ بکەن بۆ ئەمریکا تا لاپەڕەیەکی نوێ لە ژیانی خۆیان هەڵبدەنەوە هەندێکیان لە دادگا و بنکەکانی پۆلیس داواکراوبوون لە ترسی گرتن، یاخود بە فاکتەری تاوان هەڵدەهاتن بۆ ئەمریکا.**

**خەڵکانێکی زۆر هەبوون دەگەڕان بە دوای ژیانێک لە ژێر سایەی ئازادیدا بێت تەنانەت خەریک بوو لە میانەی کۆچکردنیان بۆ ئەمریکا زۆر بە ئاشکرایی سروشتی خۆیانیان دەچەسپاند لەپاش ئەم کۆچ کردنە کۆمەڵێ کەسی جەربەزەو گەڕۆک هەبوون و خاوەن وتەی بەهێز و روحی پەلاماردان بوون و ئەم خەسڵەتەشیان پاڵی پێوەنان ڕووەو دەریا و وشکانی کۆچ بکەن.**

**شەشەم:هۆکاری فەلسەفی**

هەندێک لە کۆچبەران بڕوایان وابوو دەکرێت کۆمەڵگایەک بنیات بنرێت لە بەرزترین پلەی نمونەییدا بێت و لەو کۆمەڵگا گەندەڵانەی خۆیان ڕزگاریان بکات، واتە کۆمەڵگایەک بیت دەسبەسەری دادپەروەریی و ئازادی و مافی مرۆڤەکان بکات، ئەمەش دەبینین لە نوسینەکانی (تۆماز مۆرۆ) (جۆن لۆک١٦٣٢--١٧٠٤) و (تۆماس هۆبز-١٥٨٨-١٦٧٩) و (دەیڤد هیوم-١٧١١-١٧٧٦) و (مۆنتسیکیۆ-١٦٨٩-١٧٠٤)ــی فەرەنسی و سەرجەم فەیلەسوفەکانی تری ئەوروپا ڕۆڵیان لەم کۆچکردنەی خەڵکدا هەبوو.

## حەوتەم:هۆکاری کۆمەڵایەتی

دابەشبوونی کۆمەڵایەتی چینەکانی خەڵک لە ئەوروپا بە پێودانگی سەدەکانی ناوەڕاست

دابەشبوونێکی گەندەڵ و زیانبەخش بوو بۆ زۆر کەس و لەژێر فشاری ئەو بارە نالەبارەدا زۆر کەس هەڵاتن، کاتێک ئەو خەڵکە کۆچکردووە ڕوویانکردە کیشوەرێکی نوێ هەریەک لە ژێر بارودۆخێکی سەختتدا بوو کە پێویست بوو بەرەو باشکردنی ببات و لەم جیهانە نوێیەشدا (پشت بەخۆ بەستن) وەک یەکێک لە بنەما پتەوەکانی ئەو کۆمەڵگا نوێیە چەسپاوە، ئەمەش گیانی بەرەنگاربوونەوە و نەفس درێژی بەخشییە ئەمریکیەکان و هەوڵ و خۆماندووکردنیان زۆر ڕێگای لە بەردەمدا ئاسانکردن.

بە هەزاران کۆچبەریش بەمەبەستی دەربازبوون لە شەڕ و ئاژاوەکان ڕوویان لە ئەمریکا دەکرد و ئەوروپایان بەجێهێشت، زۆرێک لەوانە ماڵ و شتومەکەکانیان بەجێدەهێڵا، هەندێکیشیان بەهۆی تاوانە کۆمەڵایەتییەکەیانەوە هەڵدەهاتن، چونکە دادگا و بانگکرابوون، یاخود زیندانی بوون هەڵهاتبوون، بۆیە کۆچیان کرد تا لاپەڕەیەکی نوێ لەو ڕابردووەی هەیبوو هەڵبداتەوە.

**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووەوە شوێنی خەڵکی جۆراو جۆر و جیاواز لە یەکدی، بە چەند شەپۆلێک روویان ئەمریکا کرد، کە بەشێوەیە:**

**یەکەم:** شەپۆلی یەکەم بەرەوی جیهانی نوێ گروپی دۆزەرەوە سەرکەشەکان بوون بە هاندانی پاشاکاکانی ئەوروپا و پێشەواکانیان. ئەوانە بەدوای ڕێگایەکی رۆژهەلات دەگەڕان بۆ دوورکەوتنەوە لە کۆنترۆڵی مەمالیکەکان کە دەسەڵاتداربوون بەسەر ڕێگەی دەریای سپی ( مەمالیکەکانی میسر و شام) یاخود ڕێگەی ئاوریشم (فارسەکان و مەغۆل) بۆ نێو جەرگەی ئاسیا. هەرچی دۆزەکان و سەرکێشەکان بوو

گەیشتنە رۆژئاوا لە بری رۆژهەڵات. پاشا و سەردارانی ئەوروپا گوێبیستی قسەی سەیر دەبوون لەبارەی سەروەت و سامانی جیهانی نوێ. لە پتی خاک، ئاو، دەشتی سەوازیی، چیا لە کانزا و زێڕ...هتد.

**دووەم:** کاتێک پاپا و کاردیناڵەکان رێورەسمی ناوچەی جیهانی نوێیان رێکخست بەناوی ( موعجیزە خودا) بۆ پاشا و سەردارەکانیان. سەربازانی ئەو پاشایانە کێبڕکێیان دەکرد لەسەر جیهانی نوێ تاوەکو کەس پێشیان نەکەوێت هەر تەنیا خۆیان ببنەخاوەنی ئەو سامانە، کە دەدۆزرێتەوە. ئەمە کۆچی دووەم بوو.

**سێیەم:** ئەو شەپۆلە ( کۆچی سێیەم) کاتێک بوو کە سامان و دەرامەتەکان پێویستیان هێزی کار بوو، پاشا و سەردارەکان هاوبەشی زیاتریان نەدەویست باشترین چارەسەریش ناردنی زیندانییەکان بۆ ئەو جیهانە نوێیە.

بۆیە زۆربەی بەندیخانەکانی ئینگلتەرا، فەرەنسا، ئیسپانیا، پرتوگال و وڵاتانی دیکە خاڵی کران و لە رێگەی کەشتییەوە گواسترانەوە.

**چوارەم:** شەپۆلی چوارەم لە رێگەی گروپە چەوساوە ئایینی و سیاسییەکان بوو لە ئەوروپا. گوێیان لەوە بوو کە ئەو زەوییە بێ کۆتایی و بێ سنوورە، هیچ دەسەڵاتدارێک بەناوی خودا یاخود پاشایەک بەناوی حوکمی دوایی فەرمانڕوایەتی ناکەن. بۆیە ئەم چەوساوانە بڕیاریاندا بگەنە ئەو فیرۆدەوسەی کە خەونیان پێ دەبینی.

**پێنجەم:** دواتر شەوپۆلی دیکەی خەڵکانی جیاواز و فرە رەنگ بە خۆوەبینی کە بە تێپەڕبوونی کات کیشوەری ئەمریکا کۆمەڵگەیەکی ناواز و تێکەڵ دەرکەوتن.

## دیارترین داگیرگەکانی وڵاتان:

### داگیرگاکانی ئیسپانیا لە ئەمریکای ناوەڕاست و باشوور:

لە ئەمریکای ناوەڕاست بریتی بوون لە: مەکسیک، گواتیمالا، سلڤادۆر، هیندۆراس.

**ئەمریکای باشوور بریتی بوون لە: پیرۆ، چیلی، بۆلیڤیا، ئیکوادۆر، ڤەنزیلا، کۆلۆمبیا، ئەرجەنتین.**

**سیستەمەکەی داگیرکاری ئیسپانی لەو داگیرگایانە بەم شێوەیە بوو:**

**دامەزراندنی چەند داگیرگە وەک بەشێک لەدەوڵەتی ئیسپانیا.**

**کۆنترۆڵکردنی تەواوەتەی بەسەر دانیشتوانی رەسەن و راپێچیکردنی بۆ کار.**

**جەنگی کۆمەڵکوژی .**

**بە مەسیحی کردنی دانیشتوان.**

**دۆزینەوەی پرتوگالییەکان لە جیهانی نوێ دا**

**دۆزەرەوەی پرتوگالی ( گابرایل) بە رێکەوت سەرکەوتووبوو لە گەیشتن بە کەنارئاوییەکانی بەرازیل، کاتێک هەوڵیدا لە بەدووری ئەفریقیا بسووڕێتەوە لە ساڵی 1500 . دواتر پاشای پرتوگال، ئەمریکۆ ناردە بەرازیل ، کە تێیدا پرتوگاڵییەکان داگیرگەیەکی راستەقینەی گەورەیان دروستکرد.**

**یەکەم بزاوتی دۆزینەوەی ئینگلیز لەلایەن جۆن کابت بووە لە سەردەمی شا هێنری حەوت و گەیشتە:**

**نیوفاوند لاند لە 1547**

**کەناری لابرادوور**

**دوورگەی گرین لاند**

**دواتر ئینگلیزییەکان یەکەم داگیرگەیان لە شاری جەیمس تاون لە ویلایەتی ڤێرجینای ئێستا دروستکرد.**

ئینگلیزەکان هەوڵیاندا لە نێوان ساڵانی 1585 – 1586 بگەنە کارۆلینای باکوور بەڵام لە نیشتەجێبوون شکستیان هێنا.

**فەرەنسییەکان:**

فەرەنسییەکان لە پرتوگال و ئیسپانییەکان و ئینگلیزەکان دواکەتن، بەڵام چەند دەستکەوتی دۆزینەوەی جوگرافیان بەدەستهێنا.

دەریاوانی فەرەنسی (جاک کارتییە) توانی:

بگاتە دوورگەی نیوفاوندلاند لە بەرامبەر کەنەدا

دۆزینەوە رووباری سانت لۆرانس لە 1534

گەیشتن بە مۆنتریال و کویبکی ئێستا

چوونە نێو خاکی ئەمریکای باکوور

دروستکردنی داگیرگەی فەرەنسی لەو ناوچانە: نۆڤا سکۆشیا، کە لەلایەن سامونیل دی شامبلن لە ساڵی 1604 دروستکرا. داگیرگەی کویبک لە 1608. دواتر دی لاسال دۆزەرەوەی فەرەنسی رووباری مسیسیپی، دواتر کەنداوی مەکسیکی دۆزیەوە داگیرگەی لویزیانای فەرەنسی دروستکرد، کە ناوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لویسی 14، هەروەک شاری نیو ئۆرلیانزی دروستکرد.

بەم شێوەی فەرەنسییەکان کەنەدا، حەوزی مسیسیپی و ناوچەی سانت لۆرانس-یان داگیرکرد و ئەو داگیرگە فەرەنسیانە پشتێنەیەکی کراوەیان بە دەوری 13 داگیرگەکەی ئینگلیزەکان دروست کرد، کە لە جیهانی نوێ دا بنیادیان نابوو. ئەمەش هاوکار بوو بۆ سەرهەڵدانی ململانێییەکی توند لە نێوان داگیرگە ئینگلیز و فەرەنسییەکان .

**هۆڵەندییەکان:**

هۆڵەندییەکانیش، تەنیا هەڵوێستی سەیرکەریان نەبووە لە دۆزینەوە جوگرافییەکان، بۆیە هێنری هدسۆن، کەسێکی بەرەچەڵەک ئینگلیز لە هۆڵەندا خزمەتی کردووە، کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتی هۆڵەندی رایسپارد لە ساڵی 1609دا بۆ دۆزینەوە ریڕەوی گەیاندنی هۆڵەندییەکان بە ئاسیا لە ریگەی باکووری رۆژئاوا، بۆیە هدسۆ لە زەریای ئەتلەسی پەڕیەوە تا گەیشتە :

کەنداوی نیویۆرک، رووباری هدسۆن، کە بەناوی ئەو کراوە، دامەزراندنی داگیرگەی نیو ئەمستەردام یاخود نیویورکی ئێستا.

هۆڵەندییەکان دەستیانگرت بە حەوزی رووباری دلوێر و نیوجرسی.

## گەشتی ولیام شوتین

سەرکەوتوو بووە لە گەیشتن بە سەری هۆرن لە 1616، کە ئەم شوێنە بووە ریگایەکی گرنگی دەریایی. هۆڵەندییەکان نەیانتوانی کێبڕکێی ئینگلیزیەکان بکەن، لە کۆتایی دا ئینگلیزییەکان دەستیان بەسەر داگیرگاکانی هۆڵەندییەکانی کرد، لە چارەگی یەکەمی سەدەی 18دا.

## سێزدە داگیرگاکانی بەریتانیا لە جیهانی نوێ

یەکەم: ڤیرجینیا لە 1607 دامەزراوە، یەکەم داگیرگەی ئینگلیزی بوو لە جیهانی نوێ دا لە بەشی باکوور

دووەم: نیویۆرک لە 1614 دامەزراوە، سەرەتا ناوی نیو ئەمستەردام بووە، کە داگیرگەیەکی هۆڵەندی بوو، بەریتانیای لە هۆڵەندەی سەند.

سێیەم: ماساچوستیس لە 1620 دامەزراوە.

چوارەم: نیو هامشایر لە 1623 دامەزراوە.

**پێنجەم: مەریلاند لە 1634 دامەزراوە.**

**شەشەم:  کنکتیکت لە 1635 دامەزراوە**

**حەوتەم: ڕۆد ئایلاند 1636 دامەزراوە.**

**هەشت: دەلەوێر 1638 دامەزراوە.**

**نۆیەم: نۆرس کارۆلینا 1650 دامەزراوە.**

**دەیەم: نیو جێرسی لە 1664 دامەزراوە.**

**یازدە: ساوس کارۆلینا 1670 دامەزراوە**

**دوانزە: پەنسلڤانیا لە 1682 دامەزراوە.**

**سێزدە: جۆرجیا لە 1732 دامەزراوە. ئەو داگیرگەیە جەیمس ئوگلیتورب دایمەزراند بۆ هاوکارییکردنی هەژارانی ئینگلیز، ئەمە وەک دیوارێکی دژە بە هەڵمەتەکانی ئیسپانیا و فەرەنسا بوو.**

## ململانێی بەریتانیا و فەرەنسا لە جیهانی نوێ دا

**ململانێی نێوان بەریتانیا و فەرەنسا  لە ناوخۆی ئەوروپا ڕەنگدانەوەی بەسەر داگیرگاکانی جیهانی نوێ دا هەبوو.**

**هۆکارەکانی سەرکەوتنی داگیرگاکای بەریتانیا بەسەر داگیرگاکانی فەرەنسی:**

**یەکەم: زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لە داگیرگاکانی بەریتانیا.**

**دووەم: هێزی دەریایی بەریتانیا زیاتر بوو، تاوانی توانانی هەبوو بەردەوام بەردەوام هاوکاری داگیرگاکان بکات.**

**سێیەم: سەرقاڵبوونی فەرەنسا بە شۆڕش و جەنگەکانی لە کیشوەری ئەوروپا.**

## جەنگی حەوت ساڵەی نێوان بەریتانیا و فەرەنسا ( 1756- 1763)

بەریتانیا لە جەنگی دژی فەرەنسا سەرکەوت، بەپێی ڕێکەوتن توانی فەرەنسا لە زۆر لە داگیرگاکانی دوور بخاتەوە و بیخاتە ژێر رکێفی خۆی. فەرەنسا تەنیا داگیرگەی لویزیانا لە باشوور لە دەست ماوەیە. جەنگی حەوت ساڵە خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە هەرەسهێنانی داگیرگە فەرەنسییەکان.

## هۆکارەکانی گەشە و پەرەسەندنی داگیرگەکانی بەریتانیا:

یەکەم: کرانەوەی دەرگای کۆچ بەرەو داگیرگەکانی بەریتانیا بۆ سەرجەم رەگەزکانی ئەوروپی.

دووەم: پیادەکردنی بنەمای دەستووری لەو داگیرگەیانە.

سێیەم: پێدانی خۆسەری ( حوکمی زاتی) لەو داگیرگایانە.

چوارەم: فەرەیی لە سەرچاوەکانی سامانی کشتوکاڵی، پیشەسازیی و بازرگانی.

پێنجەم: بنەمای لێبوردەیی ئایینی لەنێوان دانیشتوانی ئەو داگیرگایانە.

شەشەم: بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی و سەروەریی ئەو زمانە لە نێو دانیشتوان.

حەوتەم: بڵابوونەوەی ئازادی بازرگانی بەبێ کۆنترۆڵی دەوڵەت.

هەشتەم: ئازادی گواستنەوە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە.

نۆیەم: بەریتانیا، گەورە خاوەن زەوییەکانی پابەندکردن بە داچاندنی زەوییەکانیان.

دەیەم: لاوازی و کەمی هندییە سوورەکان لە ئەمریکای باکوور.

جێگەی ئاماژەکردنە، ئەو هۆکارانە بەرە بەرە بووە دوورخستنەوەیان لە نیشتمانی دایک، کە بەریتانیابوو، ئەو ئاراستەیەش دەرکەوت لە دوای ساڵی 1763 واتە دوای جەنگی حەوت ساڵە.

## شۆڕشی ئەمریکا، یاخود جەنگی ئازادکردنی ئەمریکا

ئەو شۆڕشە لە دیارترین و مەترسیدارترین رووداوەکانی سەدەی هەژدەم دادەنرێت. کۆمەڵێک فاکتەری سەرەکی وایکرد شۆڕش لە دژی تاجی بەریتانی هەڵبگیرسێت، ئەمەش بە چەند قۆناغێک تاوەکو گەیشتە راگەیاندنی سەربەخۆیی، بووە ئەو وڵاتەی ئەو ئێستا بە (ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) ناسراوە.

دەکرێت هۆکارەکانی شۆڕش  بەم شێوەیە دابەش بکرێت:

یەکەم: هۆکاری ناڕاستەوخۆ.

دووەم: هۆکاری سیاسی.

سێیەم: هۆکاری ئابووریی.

چوارەم: هۆکاری راستەوخۆ.

### یەکەم: هۆکاری ناڕاستەوخۆ.

بێگومان ئەو سێزدە ویلایەتە ئینگلیزییە کە جیهانی نوێ دا دامەزراوە، جیاواز و هاو ڕەگەز نەبوو، کە سەرهەڵدان، وەسف، زمان و ئاینزا و رۆشنبیر، هەندێک ئینگلزی کاسۆلیک، ئینگلیزی ئەنگلیکانی، فەرەنسی کاسۆلیک، فەرەنسی هیگۆنۆتی، هەروەها سویدی و هۆڵەندی ... هتد.

**بۆیە لێرە بابەتی هاوڵاتیبوون و یاسای نوێ سەری هەڵدا،بۆیە بابەتی تاکی ئەوروپی و گرێدانی بە هاووڵاتیبوون و ئینتیمای نیشتمانی و خاک. دۆخ و فاکتەری دەرەکی و ناوخۆیی رۆڵێکی دیاری هەبوو، پێدانی چەمکی هاووڵاتیان و گۆیڕایەڵی یاسای ئەمریکا لای تاک، بە جیاوازی رەگەزی ئەوروپیان کە لە جیهانی نوێ دا نیشتەجێن ، لەوانە:**

**یەکەم: بەریتانیا دەستیگرتبوو بەسەر تاک و کۆمەڵەکان.**

**دووەم: هەستێکی گشتی لای تاک دروست بوو، کە ئەوان پلە دوون لە دوای ئینگلیزییەکانی نیشتەجێی ئینگلتەراوە دێن.**

**سێیەم: بە تەواوی هەستیان بە ستەم و غەدر دەکرد.**

**چوار: بیرۆکەی خۆبەڕێوەبردن لای ئەوخەڵکە.**

**پێنج: جیاوازی لەنێوان ئەو نەوەیەی لە جیهانی نوێ لە دایکبووە لەگەڵ ئەوانەی لە بەریتانیا لە دایک بوونە.**

**شەش: ئەو نەوە پەیوەندییەکی بەهێزیان هەبوو بە خاکی ئەمریکا.**

**حەوت: لاوازی دڵسۆزی بەریتانیا بە هۆکاری دوور کات و شوێن لە نێوان داگیرگەکان و دەوڵەتی دایک کە بەریتانیا.**

**هەشت: نەمانی مەترسی داگیرگەکانی فەرەنسا. هەروەها ئەو داگیرگایانە پێویستیان بە پاراستنی دەوڵەتی دایک بەریتانیا نەبوو.**

**نۆ: بڵاوکردنەوەی پەرەنسپی ئازادیی لە ئەوروپا لە کۆتایی سەدەی 18دا و کشانی ئەو بیرو باوەڕە بۆ داگیرگەکان لە جیهانی نوێدا.**

**دووەم: هۆکارەکانی سیاسی:**

**یەکەم: خواستی دانیشتوانی داگیرگەکان لە پراکتیزەکردنی مافە سیاسییەکان و یەکسانی لەگەڵ دانیشتوانی بەریتانییەکان.**

**دووەم: جێبەجێکردنی دەستووری بەریتانی لەسەر داگیرگەکان بەبێ جیاوازیی لە نێوان ئەوان و دانیشتوانی دوورگەی بەریتانی.**

**سێیەم: داواکاری دانیشتوانی داگیرگەکان بۆ فراوانکردنی پسپۆرییەکانی ئەنجوومەکانی خۆجێی داگیرگەکان.**

**چوارەم: جیاوازی دەسەڵاتدارانی داگیرگە ئینگلیزییەکان لەگەڵ ئەنجوومەنە خۆجییە هەڵبژێردراوەکان.**

**پێنج: جیاوازی لە دید و بۆچوونی نێوان دانیشتوانی داگیرگەکان و بەریتانیا لەبارەی دەسەڵاتی پەرلەمانی ئینگلیزی. دانیشتوانی داگیرگەکان پێیانوابوو کە پەیوەندییەکانی لە رووی یاساییەوە تەنیا لەگەڵ تاجی بەریتانییە نەک پەرلەمان. لە کاتێکدا فەرمانبەرانی ئینگلیز پێیانوابوو، کە پەرلەمانی ئینگلیزی دەستەی ئیمپراتۆرییەت لە داگیرگەکان دەسەڵاتی هەیە، هەروەک چۆن لە نیشتمانی رەسەن ( بەریتانیا) و پەرلەمان دەتوانێت سنوور بۆ دەسەڵاتی ئەنجوومەنەکانی خۆجێی داگیرگەکان دابنێت.**

## سێیەم: هۆکاری ئابووریی:

**یەکەم: قۆرخکردنی بازرگانی داگیرگەکان لەلایەن بەریتانیاوە وەک بازرگانی چا.**

**دووەم: بەریتانیا بازاڕەکانی ویلایەتەکانی باشووریی نوقمی کۆیلە کرد.**

**سێیەم: کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتی لە لەندەن یاسای دەسەپاند، ئەمەش زیانی بە داگیرگەکان گەیاند، بەتایبەتی چینی بازرگان و خاوەن کەشتی و خاوەن سەرمایەکان.**

**چوارەم: دەرکردنی یاسا بەوەی داگیرگەکان پابەند بکرێن بەوەی بازرگانی لەگەل ئینگلتەرا.**

**پێنج: بازرگانانی داگیرگەکان هەستیان بەوەدەکرد، کە بەرژەوەندیی بازرگانیان بووەتە قوربانی بەرژەوەندی بەریتانیا.**

**شەش: دانیشتوانی داگیرگەکان باجی بێ پاساویان دەدا.**

**حەوت: بەریتانیا دەیویست، ئەو داگیرگایانە بەشداری زیاتر بکات لە دابینکردنی خەرجی ئیمپراتۆریەت.**

**هەشت:کۆمەڵێک باجی زۆر سەپێنرابوو وەک باجی مۆر، شەکر، چای، کاغەز، شوشە، سبوغ و رەساس، ئەو باجانە شەپۆلێکی نارەزایی جەماوەریی لە دژی بەریتانیا لێکەوتەوە.**

**نۆ: سەپاندنی کۆت و بەند بەسەر جموجۆڵی بازرگانی داگیرگەکان لەوانە؛ یاسای دەریاوانیی لە ساڵی 1645، کە ئامانجەکەی هاندانی دەریاوانی بەریتانیا لە رێگەی گواستنەوەی بازرگانی هەناردەکراو بۆ بەریتانیا ، مافی کەشتی بەریتانیا بێت کە ئینگلیز لە ئینگلتەرا خاوەنییەتی، بۆ پاراستنی سیستەمی بازرگانی بەریتانی.**

**دە: ناچارکردنی دانیشتوانی داگیرگەکانی لەسەر کشتوکاڵی توتن، شەکر، برنج.**

**یازدە: حکومەتی بەریتانیا یاسای زەوییەکانی دەرکرد بە ئامانجی قەدەخەکردنی دانیشتوانی داگیرگەکان لە بڵاوکردنەوەی رۆژئاوا لە لوتکەی چیای لابلاش بە پاساوی بەریەک نەکەوتن لەگەڵ هیندییە سوورییەکانی دانیشتوانی رەسەن.**

**چوارەم هۆکاری راستەوخۆ:**

**هۆکارەکەی ناسراوە بە رووداوی ئاهەنگی چای بۆستن بوو:**

**پوختەی رووداوەکە، حکومەتی بەریتانیا بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی داراییەکەی، مافی قۆرخکاریی بازرگانی چیای هەناردەکراو بۆ داگیرگاکان بەخشیە کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتی بەریتانی. ئەو کۆمپانیایە پێیوابوو، کە چای بە نرخێکی هەرزان لە نرخی ئاسایی خۆی دەفرۆشرێت.**

**ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی:**

- **تووڕەیی  وبێزاریی بازرگانەکانی داگیرگەکان لە دژی کۆمپانیاکە.**
- **دانیشتوانی داگیرگاکان بە سەرۆکایەتی ساموئیل ئادەمز هاوپەیمانییەکیان پێکهێنا کە داوای بیرۆکەی سەربەخۆیی داگیرگاکانیان لە بەریتانیا دەکرد.**

- **دانیشتوانی داگیرگاکان سەرجەم بەندەرکانی کۆمپانیاکەیان داخست.**

- **باری گەورەی چا ڕەوانەی ئینگلتەر کرایەوە.**

**بەریتانییەکان ڕێکاریان گرتەبەر بۆ ئەوەی هەندێک کەشتی سەر بە کۆمپانیاکە بتوانن بارەکانیان دابگرن، لە بەرامبەر ئەمە گروپێکی هاوڵاتیان بە جلی هیندییەسوورەکان و بەسەرۆکایەتی ساموئیل ئادەمز چوونە سەر یەو کەشتیانە و بارە چاکەیان فڕێداتە نێو ئاوی بەندەرەکە، ئەمە لە ساڵی 1773 ڕوویداو ئەو ڕووداوە لە مێژووی ئەمریکا ناسراوە بە ئاهەنگی چای بۆستن، ئەو ڕووداوە بە هۆکاری ڕاستەخۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەمریکا دادەنرێت.**